# کورد لە کوێی ململانێ و گەمە سیاسییەکاندا خۆی دەبینێتەوە
# لە ئێران و ئەمەریکا ، کامیان گرەو دەباتەوە ؟

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

ڕۆژی 2005/12/15 هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراق کۆتایــیان پێهات وئێستا 3 مانگ زیاتر تێدەپەرێت ، کەچی هێشتا کوتلە سیاسییەکانی گۆڕەپانی سیاسی سەرکەوتوو نەبوون لە دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکان بۆ سەرۆکی( دەوڵەت ، حکومەت ، پەرلەمان ) . کۆبوونەوەکانی نێوان نوێنەری لیستە سیاسییەکانی وەکوو ( ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو ، هاوپەیمانی کوردستان ، بەرەی تەوافوقی عێراقی ، العراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی ، حیواری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی سالح ئەلموتلەک و یەکگرتووی ئیسلامی ) بەردەوامن و تێکڕا شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەر یەک بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی کە بتوانێ کێشەکانی گەلی عێراق لەئەستۆ بگرێت ، لەناو ئەوانە ڕوبەڕوبوونەوەی تیرۆرە کەئەمڕۆ بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لەعێراق و ناوچەکەدا .

یەکێک لەو کێشە گرنگانەی ڕوبەڕووی نوێنەرانی کوتلە سیاسییەکان بۆتەوە ، کێشەی هەڵبژاردنی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەرییە بۆ پۆستی سەرەک وەزیران ، هەروەها تێنەگەیشتنی لایەنە سیاسییەکان خۆیانە لە یەکتری ، جیاوازییان لە بیروباوەڕدا ، یان ناکۆکی ئەوان لەسەر مانای : **حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانی کە هەموو بانگەشەی بۆدەکەن ، مەبدەئی تەوافوق کەئەمڕۆ بۆتە دروشم و ڕێبازێک بۆ بەلاداخستنی کێشەکان ، دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ، دابەشکردنی پۆست و پلەوپایە جۆربەجۆرو گرنگەکان ، بەرنامەی سیاسی حکومەت و دەستنیشانکردنی خەتە سوورەکان .**

دەربارەی ئیبراهیم ئەلجەعفەری ، ئەو لەمێژەوە هەڵوێستێکی یەکلایەنەو دیکتاتۆرانەی وەرگرتووە دوای هەڵبژاردنەکەی بۆ پۆستی سەرەک وەزیران و پشتئەستوورە و پێی

وایە کە خۆی نوێنەری هەموو میللەتی عێراقە و لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردراوە ، کەچی بە پێچەوانەی ئەمەوە ، زۆربەی کەسایەتی و لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانەکە ، تەنانەت شیعەکان خۆیشیان هەڵبژاردنی ئەو بە سەرەک وەزیران ڕەتدەکەنەوە ، چونکە هەموان دەزانن کە ئەو ( جەعفەری ) پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی لە عێراقدا بەرەو هەڵدێرو داهاتوویەکی نادیار دەبات کە هەڕەشەو گوڕەشەو ئاڵۆزکردنی زیاتری باری ئابوری و ئاسایش بە دووی خۆیدا دێنێ . هەڵبەتە فشارێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەیە ، ئەگەر بریاری هێشتنەوەی بدرێ وەکوو سەرەک وەزیران .ناوبراو بەدەنگێکی زیاتر لە دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەناو لیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو ! ئەی چیدەبوو ئەگەر زۆری دەنگەکانی بەدەست بهێنایە ؟! وادیارە شیعەکان زۆر دەترسن لەوەی ڕوبەڕوی بەشبوون و کەرتبوون ببنەوە و نایانەوێ بەزۆر جەعفەری ناچاربکەن بۆ کشانەوە لە پۆستەکەی ، بەپێچەوانەی ئەمەوە دەیانەوێ قەناعەتی پێبکەن بۆ ئەو مەبەستە ، هەندێکیش پێیان وایە کە لیستی ئیئتیلاف دەیەوێ لە ڕێگای لایە سیاسییەکانی ترەوە فشار بخاتە سەر جەعفەری بۆ کشانەوە لە پۆستەکەی و شەڕەکە بەوان بکات بۆ ئەوەی لەدواجاردا بڵێن : ئەوە ئێمە نەبوین ! ئەوەتا ئەوانیتر ناچاریانکرد ! ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی کاری سیاسی و پینەوپەڕۆکردنی دەلاقەو برینە سیاسییەکان کە هەندێ جار تێپەڕدەبێت و سەردەگرێت و هەندێ جاری تریش دەستەکان تیایدا دەکەونە ڕوو و پەچە لەڕووی یەکتر هەڵدەماڵن و چۆنیان بوێ بەیەکتریدەکەن .

ئەوەندەی پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەبێ ، تاقیکردنەوەیساڵی ڕابوردوو دەریخست کە دکتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەری یەکێکە لە نەیارەکانی کورد و بە پشتی چەند دەوڵەتێکی ئیقلیمی بە تایبەتی ئێران بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی چڕوپڕ کاردەکات بۆ تێکدانی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان ، جێبەجێنەکردنی خاڵە گرنگەکانی ناو دەستور ، ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە مەسەلە چارەنوسسازەکانەوە هەیە وەکوو کێشەی کەرکوک و جێبەجێکردنی مادەی 58 ، هاوکاریکردن لەگەڵ تورکە توندرەوەکان و دەوڵەتی تورکیا بۆ شێواندنی کێشەی گەلەکەمان ، ددان نەنان بە سەرۆکی ئیقلیمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، سەفەر ڕێکخستن بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر بە بێئەوەی پرس بە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و لایەنە بەرپرسەکان بکات ، ئیشکردن بەشێوەیەکی یەکلایەنەو دیکتاتۆرانە بەبێ ئەوەی سەرۆک کۆمارو وەزیرەکانی لێ ئاگادار بکات .... ئەمانەو زۆری تر کردارو ڕەفتاری ئیبراهیم ئەلجەعفەری دەردەخات دژی گەلەکەمان کە واپێویست دەکات سەرکردایەتی گەلەکەمان لێی بێدەنگ نەبن .

ئەگەر خەونی جەعفەری نەیەتەدی لە دامەزراندنی کیانێکی سیاسی یاخود دەوڵەتێک بۆ شیعە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ، ئەوا بە عێراقیکردنی هەموو کێشەکان و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە پایتەختی بەغدا و بە مەرکەزیکردنی هەموو شتەکان هیواو ئاواتی ئەوە .

جەعفەری سیاسەتمەدارێکی لێڵ و تاریکە ، هەموو قسەیەک کە ئەو دەیکات تەم و مژاوییە و هیچی بەسەر هیچەوە نییە ، ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێ سبەینێ لێی پەشیمانە ، وادیارە سوننەتی ( التـقیە ) کە یەکێکە لە بنەماکانی بە شیعەبوون و مانای پێداگرتن و خۆبەهێزکردن و خۆنەدان بەدەستەوە و خۆپاراستن دەگەیەنێ و دووزمانی لێدەکەویتەوە ، بەباشی پیادەو پەیڕەودەکات ، خۆیشی هەر دامەزرێنەری حزبی دەعوەیەو شیعەگەریتی دەکات نەک نەتەوەپەرستی .

لەناو غەڵبەغەڵبو مشتومڕو ناکۆکی و ململانێکانی ناو کۆڕیدۆرو هۆڵەکاندا ، لەسەر داهاتوی عێراق ، کوتلە سیاسییەکان ڕووبەڕوی کێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و تایفێکان بوونەتەوە و ماوەی 3 مانگ زیاترە بەدەوری یەکدا دەخولێنەوە لە پێناوی گەیشتن بە دەقێکی سیاسی لەبار بۆ چارەسەرکردن و بەلاداخستنی کێشەکان بەسەرپەرشتی ئەمەریکا و لە ژێریشەوە بە ئاگاداری ژمارەیەک لە دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی وەکوو ئێران ، سعودیە ، تورکیا ، هەروەها چپاندن بە گوێی دەوڵەتەکانی تری وەکوو کوێت ، سوریا ، ئەردەن . ئەم شەش دەوڵەتەی دراوسێی عێراق ، بەتایبەتی سیانەکەی یەکەم ، بەهاسانی دەست هەڵناگرن و دەیانەوێ قسەیان هەبێ و خاوەنی بریاربن لە نەخشەی سیاسی عێراقی داهاتوو و بە ئاشکرا دەڵێن : ئێمە نفوزو بەرژەوەندیمان هەیە ، ئەگەر ڕازیمان نەکەن ئەوا لێتانی تێکدەدەین ، ئەم شەش دەوڵەتە ئێران و سوریای لێدەرچێ ، ئەوانیتر هەموو هاوپەیمانن لەگەڵ ئەمەریکا و خۆیان بە دۆستی ئەو پیشاندەدەن ، کەچی هەرچی

ئەمەریکا ڕێگای بۆ خۆشبکات ، ئەمان دێن لەژێرەوە هەوڵی تێکدانی دەدەن و تارادەیەک ئەمەریکایان تەنگەتاو کردووە و لە زۆر شتدا سەریشیان لێتێکداوە ، بەتایبەتی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە شیعە نشینن و ئەمەریکا خۆیشی ئەو ڕاستییە دەزانێت کە کۆنترۆڵکردنی سنوورێکی دوورودرێژی وەکو ئەمەی نێوان عێراق و ئێران مەحاڵە و ناکرێت ، هەروەها دەزانێت کە ئێران بوونی هەیە لەناو عێراقدا و تەراتێن دەکات !! بۆیە ئەمەریکا پێی سەیر نییە ئەگەر زەمینەی وتووێژی نێوان خۆی و ئێران خۆش بکرێت . لەلایەکی ترەوە ئەمەریکا داوا لە تورکیا دەکات کە هاوکاری بکات بۆ نەهێشتنی تیرۆر لە عێراقدا ، ڕەنگە ئەم داوایەی لە وڵاتانی تریش کردبێ لە ناوچەکەدا .

بەکورتییەکەی ئەمەریکا لەوە گەیشتووە کە نەک حکومەتەکانی ناوچەکە بەتەنها ، بەڵکو میللەتانی ناوچەکەیش ـ کوردی لێدەرچێ ـ هەموو لەدژی ئەمەریکان و دەیانەوێ ئەو لە خاکی عێراق بچێتە دەرەوە . لێرەدا شایانی باسە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەمەریکا هێندەی ئینگلیزەکان شارەزایی و ئاشنایەتییان نییە بە کولتورو داب و نەریتی گەلان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەر ملدەنێت و خۆی دەسەپێنێت ، ئەمە وایکردووە ڕووبەڕووی کێشەی لابەلای زۆر ببێتەوە و لە زۆر لە هەڵسەنگاندنەکاندا بکەوێتە هەڵەوە ، کەچی لەگەڵ هەموو ئەم کێشانەدا سوورە لەسەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکە بپارێزێ و بچەسپێنێ کەلەپێناویدا شەڕی بۆ هەڵگیرساندووە و خوێنی بۆ ڕشتووە ، بۆیە دەرچوونی ئەو لەعێراق مەحاڵە و وەکوو خەو و خەیاڵ وایە ! .ئەمانە لەلایەک ولەلایەکی ترەوە بە پێچەوانەی هەندێ بیروبۆچوونەوە ، ئەمەریکا نە بابەگەورەی میللەتان بووە و نە داکۆکیکەریش بووە لەمافی گەلان و نەتەوەکانی ئەم دنیایە و هیچ پەیامێکیشی بۆ ئەوان پێ نییە ، ئەو هاتۆتە عێراق و ناوچەکە و بە پێی بەرنامەیەکی چڕوپڕ ، وەکوو زنجیرێکی یەکجەمسەری کاردەکات بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ، ئیتر بەلایەوە گرنگ نییە کێ زۆر یا کەمی بەردەکەوێ ، کێ دەکەوێتە ناو موعادەلە سیاسییەکەی ئەو و کێ دێتە دەرەوە یان دەردەپەڕێندرێ ، گرنگ بەلای ئەوەوە ئەوەیە کێ دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەو

بپارێزێ و هاوکاریکات بۆ بەرقەراربوونی ئارامیی و ئاساییش ، کێ دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ لایەنە ئیقلیمی و ناوخۆییەکاندا و کارەکانی ئەو تێکنەدات .

جگە لە کێشە ئیقلیمییەکان ، عێراق لەمێژەوە بەرەورِووی چەند کێشەیەکی ناوخۆیی بۆتەوە کە ماوەی 80 ساڵ زیاترە بە هەڵواسراوەیی و بێ چارەسەر ماوەتەوە ، هەڵبەتە سامانی زۆروزەبەندی ئەم وڵاتە لە نەوت و گاز و ئاو و زۆریتر ، فاکتەرێکی گرنگن ، بەڵام پێکهاتەی ئەتنی و مەزەبی و تایفی و کۆمەڵایەتی جیاوازو لەیەک نەچوو لە عێراقدا کەلەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەزۆر لکێنراون بەیەکەوە بەبێئەوەی پرس بەکەس بکەن ، یەکێکە لەهۆکارە هەرە گرنگەکان بەتایبەتی دوای ئەوەی دەسەڵات کەوتە دەست سوننەکان کە کەمینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا و لەساڵی 1921دا حکومەتیان لێ پێکهێنان و مەلیک فەیسەڵیان هێناو سەپاندیان بەسەر گەلی عێراقدا و کردیانە پادشای وڵات . ئیتر لەورِۆژەوەی دەوڵەتی عێراق دامەزرێنراوە هەتاکو ئێستا ، قەیرانێکی ئابووری کۆمەڵایەتی مەزەبی بەرەورِووی گەلی عێراق بۆتەوە بە کورد وسوننە وشیعەوە.

حکوومەتە یەک لەدوای یەکهاتووەکانی عێراق لەگەڵ ئەوەی دژی خواست و هیواو ئاواتی گەلانی عێراق بوون ، لە عەقڵی دیکتاتۆر و پیاوکوشتن و بەعسیزم بەولاوە چی تریان بەرهەم نەهێناوە ، گۆرِە بەکۆمەڵەکان و ئەنفال و قوربانییەکانی گازی ژەهراوی لە هەڵەبجەو شوێنەکانیتر ، دیاری ئەوانن بۆ گەلی عێراق کە ئەمرِۆ توندرِەو و نەتەوە پەرستانی عەرەب داکۆکی لە بەرپرسەکانی دەکەن ! ئەوانە ویستویانەو دەیانەوێ عێراق بکەنە لافاوێکی خوێن و دواتریش فرمێسکی تیمساحی بۆ هەڵرِێژن و داکۆکی لە خاکەکەی بکەن بە ناوی یەکێتی خاکی عەرەب و سەروەریی ئەوان ، ئیتر بۆچی سەیروسەمەرەبێت ئەگەر سیاسەتمەدارەکانی ئەمرِۆی گۆرِەپانی سیاسی بەشێک بن لەوانەی دوێنێ .

کێشەی سوننەو شیعە یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزو کرنگەکانی دوێنێ و ئەمرِۆ لە دوای کێشەی کورد و لەرِۆژی پەیدابوونی ناکۆکی لەناو خێزانی هاشم کە عەلی و عەباسی دەگرتەوە ، سەری هەڵداوەو رِەگ و رِیشەی داکوتاوە و پەلامار و شمشێر وەشاندنی بە دوودا هاتووە .

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لەوشەگۆڕینەوە و کۆبوونەوە و مشتومڕو لەیەک سووربوونەوە ، هەتادەگاتە سەر ڕفاندن و سەربڕین و کوشتن و وێرانکردن و خۆتەقاندنەوە و پەلاماردانی مزگەوت و مەزارەکان و .....تاد ڕەنگدانەوەی ئەوەی دوێنێ یە کە بەمیرات بۆ ئەم دوو تایفەیە جێماوە و بڕوایشم نییە وازوو کۆتاییان پێبێت .
بەپێچەوانەی هەندێ بۆچوونەوە ، ئەمڕۆ شەڕێکی ناوخۆ لە عێراقدا هەیە ، بەڵام ئەوەیە بە ڕەسمی ئیعلان نەکراوە ، چونکە ئەوەی ڕۆژانە ڕوودەدات و بەچاوی خۆمان دەیبینین ، لەشەڕی ناوخۆ بەولاوە ، ناتوانی ناوێکی تری لێ بنێیت ، ئەم خوێنڕشتنەی بەرەورووی شیعەو سوننە بۆتەوە ، فەلەستینییەکانیشی گرتۆتەوە کە وا خەریکن بە کۆمەڵ باردەکەن و عێراق جێدەهێڵن ، ئەوەی دوێنێ لە کوردستان و لوبنان ڕوویدا شتێک بوو وەکوو ئەمەی ئێستا لەگەڵ جیاوازییەکی کەم لە تایبەتمەندە نەتەوەیی و جوگرافی و ئایینی و سیاسییەکاندا .
لێرەوە پێویستە بچمە ناو وردەکارییەکانەوە و ئاماژە بەو فاکتەرانە بکەم کە شەڕی نێوان سوننە و شیعەی خۆشکردووە .
لەدوای پرۆسەی ئازادی و ڕوخاندنی ڕژێمی سەددامی خوێنڕێژ و پیاوکوژ ، هەلومەرجێکی سیاسی نوێ لە عێراقدا هاتە کایەوە ، تیایدا بۆ یەکەمجار دەسەڵات لەدەستی سوننەکاندا نەما کە بە کەمایەتی دەژمێردرێـن و ماوەی 80 ساڵ زیاترحوکمی عێراق لە دەستیاندا بوو ، بە پێچەوانەوە لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردن دەسەڵات کەوتە دەستی شیعەکان کە زۆرینە پێکدەهێنن لەناوەڕاست و خوارووی عێراقدا . ئەمە وایکرد سوننەکان بکەونە خۆیان و بەپشتی دەوڵەتانی عەرەب ، بەتایبەتی میسرو دەڵەتە خەلیجییەکان ، هەروەها دامودەزگا عەرەبییەکانی وەکوو جامیعەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و مەجلیسی تەعاونی خەلیجی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەب ، بکەونە هاوارو شیرەشیڕ و شاڵاو بردن و هێرشکردنە سەر ئەمەریکا و داکۆکیکردن لە پاشماوەکانی سەددام و تیرۆریستان و خۆشکردنی شەڕی نێوان خۆیان و شیعە کەهەتا ئێستاش هەر بەردەوامە .
سوننەکان لە چەند قۆڵێکەوە دەیانەوێ بێنەوە مایە و مەیدان ، ئەوەی دوێنێ دۆڕاندوویانە ولەکیسیان چووە لە شەڕەکانیاندا لە دژی ئیسرائیل و ئەوانیتر ، ئەوەی

بانگەشەو شیوەن و گریانیان بۆ دەکرد لەژێر دروشمی ( نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتوو ، گوتاری پیرۆزی عەرەب ) بەڵام بۆیان نەچووە سەر .... ئەمڕۆ دەیانەوێ لە ڕێگای بیروباوەڕی ئیسلامەوە و بەناوی ئیسلامەوە ، لە مینبەری مزگەوتەکانەوە زیندووی بکەنەوە و وەکوو چەکێک دژی شیعەو لایەکانی تر بەکاری بهێنن . گروپی سوننە بەهەموو توێژەکانیەوە ، بە هاوکاری دەوڵەتانی عەرەب ، دەستیان هەڵنەگرتووە لە خۆپەرستی خۆیان و نەتەوەپەرستەکان وتوندڕەوەکانیان دەیانەوێ بە هەر نرخێک بێت دەسەڵات بگرنەوە دەست و سیاسەتی کۆنی سەددام پیادەبکەن چونکە ئەوان خۆیان بە نوێنەری نەتەوەی عەرەب و پاشماوەی سەددامیش بە نیشتمانپەروەر لە قەڵەم دەدەن ، بۆیە دروشمی یەکەم کە ئەوان بەرزی دەکەنەوە بریتییە لە کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی عێراق و چوونەدەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق ، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بێتو ئەمەریکا لا لەوان بکاتەوە و دەسەڵاتیان بداتە دەست و پشت بکاتە شیعەکان ، ئەوا نەک ئەمەریکایان قەبووڵە و بەس ، بەڵکوو دەبنە نۆکەریشی ! . سوننەکان جگە لە چالاکییەکانیان لەناو جامیعەی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا ، هاوار بۆ وڵاتانی تری وەکوو ڕوسیا ، چین ، فەرەنسا ، ئەڵەمانیا ، ئینگلستان و گەلێکی تر دەبەن کە بە هاواریانەوە بێن و بیانهێننەوە مایە .

سوننەکان جگەلەوەی خۆیان بە نەوەی پەیامبەر دەزانن و ئەوانیتر بە گڵاو و کافر ، کاروپیشەیان هاتۆتە سەر گۆشەگیرکردنی شیعەکان لە ڕووی سیاسییەوە ، ئینجا دەرگاداخستن بەڕووی ئەواندا و تەنگ پێهەڵچنینیان بە شێوازی جیاجیا ، دەیانەوێ دەمڕاست و ڕیش سپی بن ، بریار لەدەستی خۆیاندا بێت ، ئەو دەقانە دووپاتدەکەنەوە کە سەدان ساڵ پێش ئێستا وتراوە و مامەڵەی خەڵکی پێکراوە و ئێستا بەسەرچوون ، لە ڕاستییە مێژووییەکان ڕادەکەن و نایانەوێ لە ژوورە تاریکەکان بێنە دەرەوە ، خۆیان بە نوێنەری نەتەوەی عەرەب دەزانن و خاکی عێراقیش بە هی خۆیان ، لەبەرئەوە هەموو ئەو بۆچوون و پێشنیارو چارەسەرانە رەتدەکەنەوە کە پەیوەندی بە کێشەی کوردو شیعەوە هەیە و خێری ئەوانی تێدایە و بە دابەشکردنی خاکی عێراق لەقەڵەمی دەدەن ، بۆ نموونە بەبۆنەی چلەی ئیمام حوسەینەوە کە ڕێکەوتی 21/03/ 2006ی دەکرد ، عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلام بەیانێکی

دەرکرد سەبارەت بە هەرێمێکی فیدرال بۆ شیعە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ، سوننەکان کە ئەمەیان بیست ، دنیایان هەڵساندو داگرتە خوارەوە و زۆر بە توندی وەڵامیان دایەوە بەوەی گوایا سامانی عێراق هی هەموانە و شیعە بۆی نییە ئەو داوایە بکات و هەڕەشەی ئەوەیانکرد کە ناوچەی ئەمانیش ( سوننە ) دەوڵەمەندە بە ئاو ، لەم حاڵەتەدا ئاو بەرامبەر بە نەوت و ئەگەر ئەوان دەست لەم داوایە هەڵنەگرن ئەوا بە ئاو هەقیان لێدەکەنەوە .

ئەوەندەی پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەبێت ، ئەمان نەختێک ملیان ناوە و خەریکن ددان بەوەدا دەنێن کە کورد تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی هەیە لە کوردستاندا و بارودۆخەکە لەوێ لە هی عێراق ناچێت ، بەڵام بە هەموو شێوەیەک دژی مەسەلە چارەنوســازەکانی کوردن وەکوو گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، ددان نان بە مافی چارەی خۆنووسینی کورد و بوونی هێزێکی پێشمەرگە لە کوردستان و دیاریکردنی سنووری کوردستان و کارکردن بە زوبانی کوردی لە واقیعدا لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ددانـنان بەوەی نەتەوەی کورد لە ڕووی سیاسییەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوەو هەقی یەکگرتنەوەیان هەیە و بەشی کورد لە سامانی نەوت لە کوردستان و عێراق .....تاد بەلای ئەوانەوە ئەمانە هەموو بۆنی دابەشکردنی عێراقی لێدێت و کورد بۆی نییە داوای بکات .

بەڵام شیعەکان کەیەکەمجارە بە ڕەسمی بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا و زۆرینەی دەنگ دێنن و دەسەڵات دەگرنە دەست ، شتێکی ئەوتۆیان لە سوننەکان نەگەڕاوەتەوە سەبارەت بە کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبیەکان .ئەمان لەگەڵ ئەوەی لەناو خۆیاندا ڕێک و تەبا نین و ناکۆکن لەسەر ( مەرجەعییەتی ئایینی ، مامەلەکردنی سوننە ، کێشەی سیاسی عێراق و کێشەی کورد ، بەتایبەتی کێشەی کەرکوک ، دۆستایەتی و هاوپەیمانیی ئەوان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و ئەمەریکا و گەلێکیتر ) کەچی بۆئەوەی دەسەڵات لەدەستیان دەرنەچێت ، بە ناچاری یەکیان گرتووە و دەیانەوێ بۆشایی سیاسی درووست نەبێت کە سوننەکان و نەیارەکانیان یاری تێدابکەن و دەسەڵات لەدەستی ئەمان دەربهێنن . بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی خۆیان هەنگاوی گەورەگەورەیان ناوە ، بەتایبەتی بایەخدان بە میلیشیای چەکداری زۆر ، هەروەها دروستکردنی سوپای

مەهدی کە موقتەدا سەدر سەرکردایەتی دەکات و زۆریان لە بەعسییە شیعەکانن و لەودواییەدا هاتە مەیدان پاش ئەوەی ئەمەریکا ئەو و بنەماڵەکەی خستبوە پەراوێزەوە و گوێی پێنەئەدان.هەنگاوێکی گرنگی تری ئەوان ئەوەیە کەلەشەڕێکی بەردەوامدان دژی پاشماوەی سەددام و گرووپە تیرۆریستەکان . لەدەزگا دەوڵەتییەکان و وەزارەتەکاندا بەوردی دەکۆڵنەوە لە ناسنامەی هەموو کەسێک و ناهێڵن کەسانێک کە پێشتر نیشانەی پرسیاریان لەسەر بووە بێنەوە مەیدان و گەرا دابنێن ، ئەمان پەلەیانە کە دەرگای دەسەڵات لە سوننەکان دابخەن ، کەچی ئەمەریکا لەبەر بەرژەوەندی خۆی و فشاری دەوڵەتە عەرەبییەکان و هەندێ وڵاتی تر ، سیاسەتێکی تر پیادە دەکات و توانیویەتی قەناعەت بکات بە سوننەکان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و دواتریش لە وەزارەتەکان و پەرلەمان و دەزگاکانی تری دەوڵەت . دەوڵەتە عەرەبییەکان و وەهابییەکان سووک سەیری شیعەمەزەب و دەسەڵاتی ئەوان دەکەن لە عێراقدا و حسابی دەوڵەتێکی عەرەبی بۆ عێراق دەکەن کە دەبێ خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی کە سوننەیە بیبات بەڕێوە و حوکمی بکات .

ئێران تاقە دەوڵەتێکە پشتگیری لە شیعە مەزەب و دەسەڵاتی ئەوان دەکات لە عێراقدا بە ناردنی میلیشیای چەکداری زۆروزەبەند بۆ ناو عێراق ، کۆنترۆڵکردنی باری سیاسی و سەربازی لەلایەن موخابەراتی خۆیەوە ، بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی ناو عێراق و تاوانبارکردنی ئەمەریکا بە تەقینەوەکانی بەغداو دەوروپشتی ، دەست تێوەردان لە بریارو نەخشەی سیاسی عێراق لە ڕێگای دۆستەکانیەوە ، کڕینی نەوتی عێراق بە نرخێکی هەرزان بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات و باری ئابووری خۆی پێ چاک بکات .

ئێران بە حوکمی ئەوەی وڵاتێکی پان و بەرینە وپانتاییەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیەوە دەبەستێتەوە بەتایبەتی دەوڵەتەعەرەبیەکانی خەلیج کە گەورەترین سەرچاوەی وزەیە لە هەموو جیهاندا ، بەهۆی ئەوەی ئیمپراتۆرێکی کۆنی 2500 ساڵەیە و لە هەموو سەردەمەکاندا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبوە لە ناوچەکەدا ، یەکێکە لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و قسەی هەیە لە ڕێکخراوی ئۆپیک و یەکێتی ئەوروپادا ، پەیوەندییەکی فراوانی دیپلۆماسی و ئابووری و نەوتیی لەگەڵ جیهانی

دەرەوە هەیە ، سوپا و مێلیشیایەکی زۆروزەبەندی هەیە جگە لە چەک و تەقەمەنی و تفاقی جەنگیی هەڵگیراوی زۆر ، سنوورێکی فراوانی بە عێراقەوە هەیە کە زۆربەیان شیعە نشینن و مومکین نییە بەئەمەریکا کۆنترۆڵ بکرێت . لەبەر ئەم هۆیانە و گەلێکیتر دەبینین ئێران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاتۆتە ناو عێراقەوە و بەهاوکاری سوریا و تورکیا و دەوڵەتانی تری عەرەب بەتایبەتی سعودیە کە ( بیلبیلەی ئاژاوەو پیلان گێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ) دەیەوێ لە ئەمەریکای تێکبدات ، هەر تەقەللایەک کە ئەمەریکا دەیدات ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و شێوەی دیپلۆماسی و سەربازی بەخۆوە دەگرێ ، ئەمان ڕوبەڕووی دەوەستنەوە و دەیان کۆسپ و تەنگوچەڵەمەی بۆ دروست دەکەن بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بەهێزکردنی کورد و شیعەوە هەبێ . ئێران بەرامبەر بەم چالاکییانەی ، شەڕێکی ساردو سایکۆلۆجی و دیپلۆماسییانەی ژیرانە پیادە دەکات لە ناوچەکەدا دژی ئەمەریکا کەتێکەڵە لە هەڕەشەو کشانەوە دواوە ، ناوبەناویش سیاسەتی دوڕوویی ودولایەنەی ئەو ئاشکرادەبێت و دەستەکەی دەکەوێتە ڕوو ، بۆنموونە ڕووی ئاشکرای ئێران ئەوەیە کە پشتگیری دەکات لە هەوڵە سیاسییەکان لە پێناوی بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاساییش و دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق کە ئەمەریکا خۆی سەرپەرشتی دەکات ، لەلایەکی تریشەوە دەست وەردەدات لەکاروباری ناوخۆی عێراق بە تایبەتی چەکدارکردن و بەهێزکردنی مێلیشیا چەکدارەکانی سوپای مەهدی کە موقتەدا سەدر سەرپەرشتیی دەکات ، هەروەها چەندین چالاکیتر ، لەم چالاکییانەدا ئێران دەیەوێ بەئەمەریکا بڵێ کە بەبێ ئێران مەسەلەی ئاشتی و ئاساییش و نەوت و تیرۆر و ئۆپۆزسیۆنی ئێران لەناوەوەو دەرەوەی وڵات جێبەجێ نابێت . بێگومان ئەمەریکا توانای ئەوەی هەیە ئێران بداتە بەر چەپۆک و کلکان و تەمێی بکات ، بەڵام ئەو نایەوێ بەهۆی ئاژاوەیەکەوە کە دەیان ئاژاوەی تر بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت ئەو کارە بکات و پارووە چەورەکەی باوەشی بکەوێتە باوەشی ئەوانیتر !! هەرچەندە ئەمەریکا هەڵەی زۆری هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە وای لەو کردووە بە مەسەلە ستراتیژێکانی خۆیدا بچێتەوە و هەڵسەنگاندنێکی نوێ دەست پێبکات بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی هەڵگیرساندنی شەڕ لە ناوچەکەدا ، چونکە ئەفغانستان و عێراق دوو تاقیکردنەوەی زیندوون ، دوو دەرس و پەندی گەورەن بۆ ئەو

.ئێستایش کە ئەمەریکا قەبوولّی ئەوە دەکات ئەحمەد چەلەبی و عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بکەونە بەینەوە و گفتوگۆیەک ساز بکەن لەنێوان ئەمان و ئێراندا لەبەرئەوە نییە کە ئەمەریکا نیازی سازشکردنی هەیە لەگەڵ ئێراندا و عێراق و ناوچەکەیان بۆ جێدەهێڵێت کە خەو و خەیاڵە ، نەخێر ئەمەریکاییەکان نامەی خۆیان پێیە بۆ ئێرانییەکان کە پەیوەندی بە ئاسایشی عێراق و ناوچەکەو کێشەی ئەتۆمی ئێرانەوە هەیە . هەڵبەتە گەشەپێدان بە تەکنۆلۆجیای ئەتۆم و هەوڵدان بۆ دروستکردنی بۆمبای ئەتۆم ، تێپەڕاندنی خەتی سوورە لای ئەمەریکا و ئیسرائیل و نابێ ئەنجام بدرێت ، ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی ئێران ملنەنێ بۆ بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و سووربێت لەسەر درێژەدان بە سیاسەتی ئەتۆمیی خۆی ، ئەوا بێگومان کێشەی بۆ درووست دەبێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپشت نابێت و دەبێ ئێران خۆی ئامادە بکات بۆ سزا یەک لەدوای یەکە نێو دەوڵەتییەکان و ئیتر دیپلۆماسییەت و خۆگێڤکردنەوە و هەڕەشەو گوڕەشە ئەو نرخەی نامێنێ و دەبێ ئێران خۆی ئامادە بکات بۆ دەست بەرزکردنەوە .

ڕەنگە ئێرانییەکان مل بنێن بۆ هەندێک لە خواستەکانی ئەمەریکا و سازش قەبووڵ بکەن ئەگەر ئەمەریکا بێتە پێشەوە و سازش بکات لەسەر ( کێشەی کورد ، مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق ، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران بە تایبەتی موجاهیدینی خەلق ، کێشەی نەوت و ڕێگەدان بە ئێران بۆ کڕینی نەوت لە عێراق ، کێشەی ئێران و دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لەسەر دۆرگە داگیرکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە ئاساییش و تیرۆر لە ناوەوەی ئێران ) . بەڵام ئایا ئەمەریکا ڕازییە بەوەی ئێران دەیلێ یان دەیەوێت ؟! ئایا ئێران ملدەنێ بۆ داواکانی ئەمەریکا ؟ لە هەموو حاڵەتەکاندا هەتا ئێران و سوریا ، سعودیە و تورکیا لەسەر قاچی خۆیان وەستابن ، ئەمەریکا وەکوو خۆی دەیەوێ ناتوانێ پشووبدات ، ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆڵ بە ئەمەمەریکا دەدەن ، چونکە کۆڵدانی ئەمەریکا و دەچوونی ئەو لەعێراق مانای دۆڕاندنی دیپلۆماسییەتی ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیادا .

کورد لە کوێی ململانێ و گەمە سیاسیەکاندا خۆی دەبینێتەوە ؟

هەرچەند بمانەوێ باسی دیپلۆماسییەتی کوردی بکەین ، بە تایبەتی ئەوانەی دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر ، ناکرێ پێشتر کورتەیەک باس نەکەین لەسەر

ڕەوشی کوردستان کە بەهۆی باری جیۆپۆلیتیک و سامانی سروشتی زۆروزەبەندەوە جێی سەرنجڕاکێشانی دەوڵەتە زلهێزەکان بووە و بەوهۆیەوە بە داگیرکراوی ماوەتەوە .
بەدرێژایی مێژوو کوردستان جێی تەراتێنی نەیارەکانی بووە و جاروبار گەلی کوردیشیان تێوەگلاندووە و خوێن و قوربانییەکی زۆریان بێداوە .
لە پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بووە لەسەرانسەری کوردستاندا ، سەرکردە کلاسیکەکانی ئەوسای کورد باسی ئۆتۆنۆمی و فیدرالییان بەسەر دەمدا نەهاتووە ، هەمیشە باسی کوردستانێکی ئازادیان کردووە .
لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان و تێکچوونی کۆماری مەهاباد ، درووشمە سیاسییەکانی سەرکردایەتی کورد گۆردرا بۆ مافە ئیداری و ڕەوشنبیرییەکان ، دواتر بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی داگیرکەردا ، ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو سەرکردەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان حەزیان بە کوردستانێکی ئازاد نەبووە ، نەخێر ، لەبەرئەوەبوو کە هێزوتوانای کورد و دیپلۆماسییەتی ئەوان لەوە زیاتری هەڵنەدەگرت و پێ نەدەکرا ، چونکە داگیرکەرانی کوردستان بەحوکمی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و بازرگانی و نەوتییەکانەوە بە وڵاتانی زلهێزو دەرەوە ، کارێکی وایان کردووە دەرگاکان لە کورد دابخەن بۆ ئەوەی وڵاتەکانیان تووشی لەتبوون و پارچەپارچەبوون نەبێت ، بۆ ئەو مەبەستە  هەرچی لەدەستیان هاتووە کردویانە و سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشیان ڕاکێشاوە بۆلای خۆیان کە هەڵوێست وەرنەگرن لەئاستی تاوانەکانیان دژی گەلی کورد و بێدەنگەی لێبکەن .
لەدوای جەنگی خەلیج و دەرپەڕاندنی هێزەکانی سەددام لە کوێت و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و دواتر ڕوخانی ڕژێمی فاشیست و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ، هەلومەرجێکی سیاسی نوێ لە عێراقدا هاتەکایەوە ، لەوێدا کورد دەرفەتی زێڕینی باشی بۆ هەڵکەوت و لەدەستیدا ، ئێستا دنیا دنیایەکی ترەو دەرفەتی زێڕینی تێدا نەماوە و منیش نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکانەوە بۆئەوەی پێم نەڵێن کای کۆن بەبادەکات و .... تاد .لەگەڵ ئەوەی دەرفەتە زێڕینەکان لەدەستدا نەماون ، کەچی کارتی کورد

نەسووتاوە ئەگەرچی ڕەنگە هەموو شتەکان بەدلی ئێمە نەبن و لە هەندێکیاندا خرابینە پەراویزەوە.
هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق و ناوچەکە وای کردووە کورد بەشێکی کەم یا زۆری موعادەلە سیاسییەکەبێت و ئەمەریکا مەبەستی بێت سوودی لێوەرگرێت بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکە ، هەربۆیە لەڕۆژی دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم و حکومەتی عێراقەوە ، کورد شوێنی دیاری خۆی هەیەو ڕۆڵێکی گرنگیش دەگێڕێ لە پیادەکردنی دیپلۆماسییەتی کوردی و عێراقی و ڕۆژهەلاتناوەڕاستیدا
بەحوکمی جێگای کورد لەو موعادەلە سیاسیەدا ، سەرکردایەتی کورد دوچاری کێشمە کێش و ململانێیەکی سیاسی بۆتەوە سەبارەت بە کێشە کوردستانی و عێراقییەکان ، عێراقیی ، بۆ ئەوەی جێی خۆی بکاتەوە لە ناوەند و جێپەنجەی دیاربێت ، کوردستانییش ، بۆ ئەوەی چی باشە بۆ گەلی کوردستان ، بەکورد و کەمایەتیەکانەوە جێبەجێی بکات بەتایبەتی بەلاداخستنی کێشەی کەرکوک .
سوننەکان و شیعەکان گەمەی سیاسی خۆیان درێژەپێداوە و هەر لایە دەیەوێ پاشقول لەویتر بگرێ یاخود چاڵ بۆ ئەویتر هەڵکەنێ ، کوردیش کەوتۆتو نێوان بەرداشی ئەمان و ئەمەریکاوە و دەیەوێ بەبریاری باش و بەبێ زیان لێی بێتە دەرەوە ، چاکتریش وایە ئەوەندە سەری خۆی نەیەشێنێ بە کێشەکانی نێوان ئەوانەوە ، ئەمەریکا خۆی سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی دانیشتنەکان و لێکۆڵینەوەو مشتومڕەکان دەکات و هەنگاو بە هەنگاو کۆنترۆڵی دەکات هەتادەگاتە بریاردان ، بێگومان لە هەموو هەنگاوێکدا مەبدەئی تەوافوق پەیرەودەکرێت کە بۆتە دروشم و ڕێبازێکی سیاسی سەردەم لە عێراقدا .
بەتەماین بە سەربەرزی لەم گێژاوە بێینە دەرەوە و بەش خوراو نەبین !

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم
2006/03/28

Kadir_arif@hotmail.com